# مامۆستا جەمال تاهیر- ی ئینسان

تازە لەساڵانی نزیك 1970ی زایینیدا, لەقوتابخانەی سیروانی هەڵەبجەوە, بۆ شارۆچکەی سەرچنار گوێزرابوومەوە, کەسم لە مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە نەدەناسی, چونکە هیچیان هاوتەمەنو دەورەی دەرچوونی من نەبوون.

دوای ماوەیەك, لە یەکێك لە گوندەکانی سەرگەڵوو, دووماموستای تر هەر بۆ هەمان قوتابخانە "قوتابخانەی سەرچنار"هاتن... چونکە لە بیناکەی لای ئێمە, قوتابخانەی بۆتانی سەرەتای-یش دەوامی دەکرد.

ئەو دوو مامۆستایە, برایان کاك "جەمال تاهیر" و تەها تۆفیق نوعمان بوون... لە راستیدا دووراو دوور دەمزانی ئەوە کاك جەمال-ەو هیچ تێکەڵاوییەکم لە تەکیدا نەبوو, بەڵام مامۆستا تەها تۆفیقم نەك نەدەناسی, بگرە رۆژێ لەرۆژان نەشم بینیبوو. هەرچەندە پاشانیش بەناسیاوو خزم دەرچوو.

نەخێر رۆژهاتو رۆژ رۆیشت, تێکەڵاویم لەگەڵ ئەو دوو بەڕێزانەدا, بەتایبەت کاك جەمال پەیدا کرد.

کە دەڵێم:- زیاتر لەگەڵ کاك جەمال دا, ئەوبێجگەلەوەی هاوڕێی قوتابخانەو مامۆستایم بوو هەروەها, ماڵەکانمان لەسەرچنار, ئەوەندە لەیەکترییەوە دوور نەبوو.

بەهەرحاڵ ماوەی چەند ساڵێ, پێکەوە لەو ماوەیەدا ژیانمان گوزەراند, بێ چوونی سەیرانو گەشتو گوزارکردنی قوتابخانەمان, جاربەجارێکیش هامووشۆی ماڵییو خێزانیمان هەبوو.

مامۆستا جەمال وەك من لێی تێگەیشتبووم, دەیوویست بمخاتە بۆتەو داوی سیاسەتەوە تێهەڵکێشی ڕێکخراوەییم بکات... بەڵام لەو ڕووەوەوە چەند حەزم لە سیاسەت دەکرد, لەورۆژەدا نەمدەویست کاری ڕێکخستن بکەمو بچمە تەنزیمەوە... خۆشم نەمدەزانی هۆکاری ئەوە چیبوو یان لەبەرچی بوو؟!!

مامۆستا جەمال تاهیر یەکێك بوو لەو کەسە پاكو دەروون خاوێنانەی, بەپەنجەی دەست دەژمێردران... ئەوەندە نهێنی قایم بوو لە ژیاندا, نهێنیەکانی ژیانیت بەگران لەدەست دەردەهانی, لەگەڵ ئەوەشدا, کوڕێکی دانبەخۆدا گرو ئارامو هێمن بوو, نموونەی ورە بەرزیو ئازایی بوو و دلێری لێدەوەشایەوە.

لەئەركو کاری ژیانی وەزیفیدا, چالاك و چەلەنگ, لەش سوكو خێرا, دڵسۆزو بەوەفا, سەرکەوتوو پێشکەوتوو هەموو ئیشو کارەکانی ئەنجام دەدا.

مامۆستا جەمال وەك من پێبزانم, لە حاڵو گوزەراندا ئەوکاتە, تۆزێ کەم دەست بوو, بەڵام لەگەڵ ئەوکەم دەستییەشدا, چونکە خاوەنی نەفسیەتێکی بەرزو عیززەتو ویقارێکی زۆر بوو, هەرگیز ئەو نەبوونیو نەدارییەی پێوە دیار نەبوو...

ئێستاش بۆ نموونەو راستی قسەی ئەو دیاردانە, چەند بیرەوەرییەکی تاڵو شیرینم لەگەڵیدا بووە, وەك یادەوەریەکی لەبیر نەچووە, حەزدەکەمو بەپێویستی دەزانم بۆتان باس بکەمو دوایش ئێوەو خوای خۆتان, لەوبارەیەوە چ حوکمێکی رەواو عادلانە دەدەن.

رۆژانێ رەخسا, لەگردەکەی لای ئێستای دواناوەندی سەرچنارەوە, چەند پارچە زەوییەك بەسەر مووچە خۆران و مامۆستایانی ئەوسای سەرچناردا دابەشکران.... لەو دابەشکردنەدا, منو کاك جەمالیشی گرتەوە, ئینجا دەبوو بۆ ئەو مەبەستە هەر بەشداربوویەك نزیکەی (20) بیست دینارێکی ئەوکاتەی لێ وەربگیرایە, تا کارەکەی بۆجێبەجێ بکرێو ئەو ئەرزەی پێی دراوە لەسەری تۆمار ببێ.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئەمە یەك, دوومانگێكی برد, باسی ئەرزە لەلام سڕابۆوەو نەمابوو, كەچی ڕۆژێكیان دەمەو ئێوارانێك لە سلێمانیەوە بۆ سەرچنار پێكەوە دەگەڕاینەوە... هەر لەپاسەكە دابەزین رووبكەینە ماڵەوە, كاك جەمال وەك بڵێ:- هۆشیار بەو بڕوانە بانیژە ماڵەكانی سەرچنار وابوو... كاتێ سەیری بانێژەكانم كرد, هەر ماڵێ نێرەقەلە خرتێكی ریش تۆپزی درێژی بەسەرەوەیە... تومەس چەند ڕۆژێكی تر جێژنەو ئەو ماڵانە قەلەكانیان بۆ ئەورۆژە دابەستووە.

پەیتا پەیتا لەبەرخۆیەوە دەیووت:- ئەی داماو هەرماڵی ئێوەو ئێمە قەلمان نیە, دیارە ئەم جێژنەش مووچەو معاش نادرێ تائێمەش هەر لەئێستاوە خۆمان بۆ جەژن ئامادە بكەین!!

منیش بەراستی زۆر بەزەییم بەخۆمو ئەودا هاتەوە, سەرئەنجام پێم وت, ئەگەر بەم زوانە مووچەمان وەرنەگرت, من ئەرك‌و نەفەقەی كاسەی جەژنی هەردوولامان قەرز دەكەم... بێدەنگ هەریەكەمان چووینەوە ماڵێ, تادەهات كاتی جەژن نزیك دەبۆوە.

بێئەوەی كاك جەمال بەئاگابێ‌و پێبزانێ, بۆ ئەو بەڵێنەی دابووم بە مامۆستا, سەرم بەكۆشی ئەمو ئەو و زۆر كەسا كرد, كەسێك نەبوو ئاورێكم لێبداتەوە.. خەمو خەفەت بۆ ئەوە دایگرتم, تازە لەوانەی یەكەم بووبووینەوە, ئەوەندەم زانی كاك جەمال وتی:- عومەر ئەوا جەژن نزیك بۆوە بەتەواوی‌و كەچی ئەو بەڵێنەی دات دەنگی نەبوو... چیبكەم بۆچی قسەی لێبشارمەوە, چیم كردبوو لەو رووەوە, لەنووكەوە بۆمگێڕایەوە... كوڵێكی پێناخۆش بوو, بۆ بەیانی هات بەشوێنم داو بەهەموو ڕاشكاوییەكەوە پێی وتم:- ئەگەر تۆبڕیاری ئەو كارە بدەیت, رەنگە پارەش لەهیچ كەس قەرز نەكەین‌و جێژنەكەشمان بەخۆشی بكەین.

ئەو قسەیەی كاك جەمال زۆر بەلامەوە سەیرو سەرنج ڕاكێش بوو, بۆیە پێم وت:- چییە ئەو بڕیارە تا ئەنجامی بدەین... وتی با بڕۆین, خێرا فرسەتە, زۆرمان ماوە بۆ دەوامی ئێوارە, فریای هەموو شتێ دەكەوین... منیش پەیتا پەیتا دەتۆ بڵێ:- چییە ئەو شتە با ئەنجامی بدەین!!. وتی باب‌چین بۆ ناحیە ئەو (20) دینارەی بۆ ئەرزەكانمان خەواندومانە وەریبگرینەوەو ئەم جێژنەی پێبكەین.

ئیتر بێئەوەی بیر لە چاك‌وخراپەی ئەو كارە بكەینەوە, هەردووكمان چووین بۆ ناحیە... خۆمان كرد بەژووری خەزنەداردا, خەزنەدار كوڕێكی تا بڵێی ڕۆح سووك‌و پیاو بوو, وابزانم ناوی سامی عەزیز یان خزمی سامی عەزیز ناوێك بوو.

پێی وتین فەرموون ئێمەش پێمان وت:- هاتووین ئەو پارەیەی بۆ (تەئمینات)ی ئەرزەكانی سەركردەكەمان داناوە وەریبگرینەوە.... خوا هەقە, ئەو برایە زۆر بەسەرماندا هات, كە ئەو پارەیە وەرنەگرینەوەو لەو بڕیارەمان پەشیمان ببینەوە... لەو رووەوە تووشی زیانێكی زۆر دەبین و دوا رۆژ وەك دەڵێن :-كاڵەك بە ئەژنۆ دەشكێنین...

بەڵام ئێمە بەقسەمان نەكردو هەر لەسەرقسەی خۆمان سووربووین, ناچار ئەویش دەرگای قاسەی واڵاكردو پاش پڕكردنەوەی پسووڵەی پەشیمان بوونەوەمان لە پێدانی ئەرزەكان, دوا پولی داینەوە.

بۆ ئەو ڕۆژە هیچ, بۆبەیانی‌یەكەی چووینە لای مەیدانی ماستفرۆشەكان‌و دەوورو بەری پردەكەی ئێستای شەقامی مەحوی, سەرو قەلی خرتی گەورەمان لێكڕی... خۆمان بەو پارەیە بۆ جەژن ئامادەكرد... لەولاشەوە مامۆستا جەمال خێرا, خێرا پێی دەوتم عومەر, تا ئەم قسەیە... ئەم كارە كۆن دەبێ, نەكەی لای كەس, لای ماڵەوە بیدركێنی, بەخوا حەیامان دەچێ.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

بەڵام کاتێ ئەو شتانەی بۆ جەژنی کڕیبوون بردمنەوە, یەکسەر ماڵەوەمان پرسی, ئەرێ کابرا ئەمە چۆن مووچەتان وەرنەگرتووەو ئەم هەموو شتانەش دەهێنیتەوە, ئیتر نازانم ئەم پرسیارەش کاتی خۆی ماڵەوەیان لە مامۆستای کردووە یان نا؟!!..

بەڵێ ئەمە بوو بیرو فەلسەفەو نەفسیەتی ئەو پیاوە جوامێرو دلێرە, کە لەنەفس بەرزیو عیززەتو ویقاردا گەیشتبووە دوا چڵەپۆپەی ئاواتەکانی.

تەنانەت ئەو کارە شکۆمەندەی لەلا پەسەندو لایق تر بوو لەوەی سەر بۆ ئەمو ئەو نەوی بکات, لەکەسانێکی ناکەس دەست پان بکاتەوەو بۆ ژیانو گوزەرانی بکوڕوزێتەوە.

ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تریشەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم:- کاتی خۆی بەرێوەبەرێتی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار, چەند خانوویەکی دابوو بە مامۆستایان, تا ئەوەی قوتابیان لە خوێندنیان دوا نەکەون و مامۆستایانیش هەردەم لە قوتابخانەکاندا حازرو ئامادەبن.

ئەو خانوانەش بەر منو مامۆستا کەوتبوو, رۆژێ هات لێیان هەڵپێچاینو پێیان لێکردینەکەوشەوە, کەدەبێ لەماوەی (1), (2) هەفتەدا, خانوەکان بۆ کرێکاری کارگەکە چۆڵبکەین بۆ ئەوەی ئەو برا کرێکارانە بچنەوە ناوی....

بە ناچاری, رازی بووین بەچۆڵکردنی ئەو خانوانەو من بۆخۆم خانوویەکم لەلای مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکەوە گرتو ئەویش هەر بەهەمان شێوەی من خانوویەکی لەوناوە گرت.

لەمە مەبەستم ئەوەیە ئەو رۆژەی هەردووکمان, یەك بەدوای یەکتریدا خانووەکانمان چۆڵکرد, زۆر شرکەو پرکەمان بوو لەگەڵ چەند فانۆسو چرایەکدا, دامان بە کاك ئەحمەد سالح- ی فەراشی قوتابخانەکەمان ... ئەو رۆژەمان لە هەموو رۆژێ ناخۆشترو بەئازارتر بوو.

کەچی مامۆستا جەمال هیچ باکیشی نەبوو, وەك مێشیش میوانی نەبێ پێی دەوتم:- عومەر ئەگەر ئێستا ئەرزەکەمان دەما لێی نەدەوەستاین هەر چۆنێ بوایە ژوورێکمان لێ قووت دەکردەوە... دەیویست من بجولێنێ بزانێ چی دەڵێم ... دوایی کە زانی هیچ نادەم بەدەستەوە دەیووت:- گوێی مەدەرێ دنیا هیچەو هەمووشتەکانی ناویشی هیچن.

دوای ئەوە مامۆستا دیارنەما بۆ چەند مانگێك گیراو تووشی ئازارو تاڵاوچێژتن بوو, کە بەربوو چووم بۆ لای, نازانم بۆچی هەرخۆی بەتەنها لەماڵەوە بوو ئەو کاتەش سەرگەردانیو کەساسیو کڵۆڵی بەسەرجەم ماڵەکەیەوە دیار بوون...

پاشان بۆی چووە دەرەوە, ئیتر ئەو بینینەی نەمبینی, ئەوەتا دەیبینمەوە.

رەحمەت لەگیانت... لە رۆحت... لەکردارو هەڵوێستت... لەهەموو وتەی جوانو چاکت بێ... نەمردووی زیندوویت... نەمردوویت هەر دەژیت.

سۆران مەحوی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com